# رۆژێک بۆ خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە دایکان*

## خولیا حسێن

دایک  بوونەوەریکی تەژی لە خۆشەویستی و گیانێکی پر لە ئیرادە و دلێکی لێوانلێو لە میهر و سۆز و هەمیشە لە خۆبردووە بۆ منداڵەکانی, ژن ئەو کاتە داری خۆشەویستیەکەی زیاتر بەر دەگرێت و تیشکی خۆشەویستیەکەی روخساری ژیان رووناک دەکاتەوە و گیانی لەخۆبوردوویی تیا سەوزتر دەبێت  ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار کۆرپەکەی لە باوەش دەگرێت و لە گەلّ یەکەمین ماچی کۆرپەکەی خۆیدا شەونمی خۆشەویستی هەڵدەمژێت و بە هەناسەی بەختەوەری روخساری ئومێدە جوانەکانی ژیان باوەشێن دەکات, هەر ئەو کاتەش سۆزو خۆشەویستی بۆ دایکی خۆی زیاتر دەبێت و لە دڵەوە سەری رێز بۆ لەخۆبوردوویی و قوربانیەکانی ئەو مرۆڤە مەزنە دادەنەوێنێت, کەم نین ئەو ژنانەی لای خۆمان کە لە سەرەتای بەهاری تەمەنیان لە کاتی لە دەست دانی هاوسەرەکانیان خۆلّ دەکەنە چاوی ئارەزووە مرۆییەکانیان و لە ترسی دوورکەوتنەو یان لیّ سەندنەوەی جگەر گۆشەکانیان تا هەتایە سەرینی دوو کەسی بە خۆیان رەوا نابینن و  دەبنە قوربانی داب و نەریتی کۆنەپەرستانە ‚  رۆژی دایکان ‚ ئەو بۆنەیەی بووە بە رۆژی دەربرینی خۆشەویستی و رێز دانان بۆ دایکان, لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ولە چەندین ولاتی وەک بەریتانیا,دانیمارک,فینلاند,ئیتالْیا, تورکیا,ئوسترالیا,مەکسیکۆ,کەنەدا,چین و یابان و بەلجیکا کە لە دوومین  یەکشەمەی مانگی مەی یاد دەکرێتەوە و بووە بە یەکێک لەو رۆژە گرینگانەی  کە بە سادەیی تێناپەرێت لە رۆژژمێری ژیانی دایک و نەوەکانی ئەو ولاتانەی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە .مێژوو و بۆنەی رۆژی دایکان دەگەرێتەوە بۆ گریکی کۆن کە بۆ رێزگرتن لە رییە(**Rhea**) دایکی خواکان پەیرەوی کراوە ‚ لە سالانی 1600لە ئینگلاند رۆژی دایکان بە یەکشەممەی دایکان ناوبراوە کە لەو کاتانەدا زۆرێک لە ژنانی خیزانە دەست کورت و نەدارەکان بۆ بژێوی ژیانی رۆژانەیان روویان دەکردە شوێنی دوورلە جیگای نیشتە جیّ بوونی خێزانەکانیان و کاری خزمەتکاری ماڵە دەوڵەمەندەکان و خێزانە دەست رۆیشتووەکانیان دەکرد و نەیان دەتوانی سەردانی کەس و کاری خۆیان بکەنەوە و بە دریژایی رۆژ و  مانگ و  سالّ کچەکان یاخود دایکەکان  دوور لە یەکتری لە ماڵی خاوەن کارەکانیان دەمانەوە ‚ بۆنەی یەکشەممەی دایکان ریگای بەو جەستە شەکەت و ماندوانەدا کە ساڵیّ یەکجار بتوانن بگەرێنەوە و

هەناسەیەکی کورت لە باوەشی پر لە سۆزی دایکەکانیان هەلّبکێشن . رۆژی دایکان رۆژێکە مێژوو وسەرچاوەیەکی ئاینی هەیە و رەنگە لە رابردوو خۆشەویستی و باوەری مەزهەبیەکان سۆزێکی رووکەشانەی خستبێتە دلّی قەشەکان و پیاوانی ئاینی ئەو سەردەمانە یان هەر بۆ خۆ خۆشەیست کردنیان لای خەلّک بۆ دانی پشووی یەک رۆژ بە جەستەی شەکەتی ئەو دایکانەی کە سالّی جارێکیش مافی بینینی کۆرپەکانیان نەبووە سوودێکی هەبووە بۆ ئەو سەردەمانەی ئەوسا, ئێستا خەلّک و "مەبەستم خەلّکی کەنەدایە وەک تاقیکردنەوەی خۆم" نەوەکانی ئەم سەردەمەی ئێرە کە رێز لەم رۆژە دەگرن و جوانترین کارتی پیرۆزبایی کە بە سۆزدارترین دەربرینی خۆشەویستی بۆ دایکان پێشکەش دەکرێت و دیاری ناسک و جوان دلّی دایکان خۆش دەکات و بۆن و بەرامەی چەپکە گولّەباخە سوو ر و سپی و پەمەییەکانیش کە دەخرینە باوەشیان ئارامی بە گیانیان دەبەخشیّ , بەشێکیش لە دایکان لەبەیانی ئەم رۆژەدا نانی بەیانیان بۆ ئامادەدەکرێت و لە ژووری خەوتن نانەکە دەخوری " گوایە ئەو رۆژە رۆژی دایکانە و لە بەیانی ئەم رۆژەدا دایکان دەبیّ نەچنە مەتبەخ و بحەسێنەوە ". ئایە هەموو ئەو رێزەی لە دایکان دەنرێت و ئەم هەموو دەربرینی هەستی خوشەیستیەی لە رۆژی دایکان بە گوێچکەی دلّی دایکان دەچپێندرێت ئێستاش هەر بە هەمان مەبەستی ئاینی جاران پیادە دەکرێت ؟ بە رای من لە سەدا نۆهەدی نەوەکانی ئێستا کە ئەم بۆنەیە پەیرەو دەکەن و لەم رۆژەدا ریز لە دایکیان دەگرن ئەوەی بە خەیالّیان دا نەیە مێژووە ئاینیەکەیەتی . لە کۆتاییدا دەمەویّ ئەوە بلّێم راستە ئەم رۆژە هەناسەیەکی بەختەوەری و چەند ساتێکی ئارامی بە دایکان بەخشیوە, بەلاّم هیچ سوودێکی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان نەبەخشیوە بەلّکوو بە پێچەوانەوە ئەوەتا رۆژی دایکان هەتا ئێستا نەبۆتە پشووی رەسمی زۆربەی زۆری ئەو دایکانەی لەو رۆژەدا نانی بەیانیان بۆ دەبردرێتە سەر جیگای خەوەکەیان, هەر هەمان بەیانی دوای ئەوەی نانەکەیان خوارد, دەبیّ خێرا خۆیان بگەیەننە شوێنی کارەکەیان نەوەک دووا بکەوّن و بە دەستی مانێجەر نان براو بکرێن .

**2005/05/08**

کەنەدا

* زانیاریەکان لە سەر ئینتیرنێت وەرگیراون .
راستە رۆژی دایکان لە رۆژی پشووی هەفتەیە بەلاّم زۆربەی بازار و شوێنە گشتیەکان کراوەن و زۆربەی زۆری ئەو کرێکارانەی بەرێوەیان دەبە ن ژنن.

www.dengekan.com

www.dengekan.com